# خاتخاتۆکە ٧

پاشکۆی منداڵانی گۆڤاری شارباژێڕی نوێ یە ژمارە (٧) ی بەهاری ٢٠٢٦



# کەوی کوێستان



کەو باڵندەیەکی جوانەو لە جێگە سەخت و کوێستانەکاندا ئەژی، هەربۆیە کەژو کێوەکانی کوردستان و شارباژێڕی خۆشمان پڕە لە کەو. چونکە ئەو شوێنە ساردانە هەڵدەبژێرێ کە نابنە جێ نیشانەی ڕاوچییان.

کەو دەنگی زۆر خۆشەو کۆمەڵێك دەنگی جۆراو جۆری هەیە. هەروەها زۆر حەزی لەدەنگی خۆشە، ئەم حەز لێبونەشی گەلێك جار ئەبێتە هۆی ڕاوکردنی لەلایەن ڕاوچییەکانەوە.

خۆشبەختانە لە ئێستادا بەهۆی هۆشیاری خەڵکەوە ڕاوکردنی ئەم باڵندەیە کەم بووەتەوە، بەتایبەت لە زۆر دێی شارباژێڕدا ڕاوکردنی قەدەغە کراوەو چەندین کەسی خێرخوازی وەک (شەریف حاجی ڕەسوڵ سەفرەیی)، خاوەنی کۆمپانیای سەفرە سازانە بە دەیان کەوی دیلکراو دەکڕێتەوەو لە کەژو کێوەکانی شارباژێڕدا ئازادیان دەکات و سروشتە ڕەنگینەکەمان پڕ دەکات لە قاسپە قاسپی کەو.


ژمارە (٧) ی بەهاری ٢٠٢٦
پاشکۆی منداڵانی گۆڤاری شارباژێڕی نوێ یە
ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ دەریدەکات



لێپرسراوی ناوەند:
ئامانج شارباژێڕی

سەرنوسەر:
سەرهەنگ عەبدولڕەحمان
07701585241

دەستەی نووسەران:
ئازاد تەها - ئەنوەر شارباژێڕی - ئارەزوو عەبدولخالق


خاڵخاڵۆکە ٧

ماڵی خاڵم لە کوێیە؟


ناونیشان:
سلێمانی - ناحیەی سیتەک
نۆفیسی ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ



چاپ: چاپخانەی پاندا
دیزاین: جەلیل حسێن




# خەونەکانم

رەزا شوان



خەونەکانم جیاوازن
پڕ لە هیوا و لە نیازن
من دەبم بە کەشتیوان
گەشتێک دەکەم بۆ ئاسمان
بۆ سەر گڕەهەسارە
شەوان گەشە و دیارە
ئاڵای کوردستانەکەم
لە سەریدا هەڵدەکەم
پەیامی ئاشتی کوردان
دەنێرم بۆ گشت گەلان
بەر لە رووسیا و ئەمریکا
کوردێک ئەم گەشتە دەکا

(*) گڕەهەسارە (بارام): مەریخ ـ مارس ـ هەسارەی سوور.

# کوردستان

ستار ئەحمەد- کەرکوک



کوردستانم دڵگیرە
جێگەی باب و باپیرە
چیاکانی بڵندە
سەنگەرو پشتی کوردە
بۆکۆێ بڕۆیت بەهەشتە
شوێنی سەیران و گەشتە
بێوێنەیە لەجوانی
پڕە لەباخ و کانی
خۆشمدەوێ وەک چاوم
ناسنامەیەو نازناوم
خودایە بیپارێزی
خاک و چیاو کارێزی
چونکە کورد بێ کوردستان
میللەتێکە بێ زمان
بۆیە هەتا بمێنم
وەک بولبول بۆی دەخوێنم



# ماڵی کانی

جەمال مەریوانی
نیگارکێش: شنۆ بۆرزوویی

لە لالە لا یەک و دوو
کەرۆشک بازی داو دەرچوو
سمۆرەش بە گۆرانی
هەڕای کرد بۆ لای کانی
دایکە ئاسکی کراس سوور
چاوی پێکەوتن لە دوور
جیک جیک چۆلەکەیش فڕی
سەوەتەی میوەی کڕی
نانی بۆ هێنان دەڵەک
خەپەتۆلەی کلک بەڵەک
کانی کردییە قڵپە قڵپ
تەڕیانی کرد شڵپە شڵپ
دڵخۆش و شادمان بوون
لە ماڵ کانی میوان بوون



# چەترەکەم

دانا پێنجوێنی

تۆ لەکوێی چەتری هاوڕێم
ئەها باران دەبارێ
لە چاوی جوانی ئاسمان
نم نم نم دێتە خوارێ
چەترەکەم لێ ون بووە
ماوەیەکە نەماوە
داخ چەترەکەم شکاوە
باران زۆری لێم داوە
کاتێ باران دەبارێت
من بەسەرما هەستدەکەم
خێرا کڵاوو مل پێچ
دەستکێشیش لەدەستدەکەم
هێی منداڵینە هێی هێی
با هەڵکەین چەترەکانمان
لەسەر سەرمانی دانێین
باران تەڕ نەکات گیانمان

# باڵندەکانی نێرگز

نوسینی: ڕەشاد نوری گونتەکین
لەتورکییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی بەهارە. مامۆە کەسی لێ نیەو هەرخۆم بە تەنیا لەماڵم، دوکان و بازاڕیش نیەو خەڵکی شارۆچکەکەمان بەیانی زوو بە سەبەتەی خۆراکەوە لە ماڵ دەرچوون و مەڕ و بەرخەکانیشیان بەناو دار چنارەکاندا دەچوون بۆ لەوەڕ. پێتان بڵێم بۆچی نەچووم لەگەڵیان، چونکە حەزم لە شوێنی قەرەباڵغ نیە.

بەدەنگێکی لەسەرخۆ ئەم گۆرانییەم دەوت:(خانم خانم، ئیشی ناو ماڵم کرد، ئیشەکان تەواو بوون، قەفەسی باڵندەکانم پاککردەوە، ئاوی تازەم بۆ دانان). پاشان بردمنە ناو باخەکەوە، وتم با تۆزێك هەتاو لێیان بدات،


بەڵام بەهۆی پشیلە سوورەکەی دراوسێکەمانەوە، باڵندەکان هیچ ئاسوودە نین، کەی من قەفەسەکانیان بهێنمە دەرەوە، دێتە بەرامبەریان دادەنیشێ. لەدڵی خۆمدا وتم با بزانم ئەمڕۆ چی دەکات؟ یەکێك لە باڵندەکانم لە قەفەسەکەی دەرهێناو نزیکم کردەوە لە دەموچاوی، نینۆکە تیژەکانی لەنێو پەنجە نەرمەکانی دەرهێناو خەریکبوو پەلاماری باڵندەکە بدات. ئەو باڵندە داماوە لەناو دەستمدا وەکو شەقشەقە دەلەرزی. بەدەستەکەی ترم سەری پشیلەکەم گرت و باڵندەکەم ئازاد کرد.

لەترسا قاچەکانی تێك ئاڵان و باوەڕی نەدەکرد کە ئازادکراوەو کەمێك ڕاوەستاو ئینجا هەڵفڕی. گەلێك دڵخۆشبووم. هەستمکرد باڵندەکانی تریش گلەیی دەکەن، بەڵای منەوە وابوو، دەیانوت: بۆچی ئێمەش بە هاوڕێی خۆی نازانێ و بەخۆشەویستییەوە هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا ناکات؟

جۆلانەم بۆ هەموویان دروستکردبوو، بەڵام لەناکاو نێرگزم بیرکەوتەوە.

ئا لێرەدا بەناچاری باڵندەکانم بۆ کوپرەکەی حاجی بارام بەجێهێشت. نێرگز بزانێ زۆر بێتاقەت دەبێ، دەستەکات بە گریان، چونکە باڵندەکانم لەبەرئەو کڕیبوو. یەکێك لەقەفەسەکانم لێوە نزیك بوو، تەلەکەیم هەڵپەسارد! وتم: وازتان لێبهێنم باشە. بەڵام پاشان من چی وەڵامی نێرگز بدەمەوە؟

منداڵە نازدارەکان ئێوە پێم بڵێن چی بکەم باشە؟



نوسەرانی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد

# کاکەی فەڵلاح

ئا: ڤینا

شاعیری ناسراوی ئەدەبیاتی منداڵان، کاکەی فەللاح ناوی (حەمە) کوڕی (حەمەئەمین قادر)ەو لەساڵی (١٩٢٨) لە قەزای چوارتای شارباژێڕ هاتۆتە دنیاوە.

ساڵی (١٩٣٩) چووەتە قوتابخانەو لە سەردەمی خوێندنی سەرەتاییدا زۆر حەزی لە قسەو ئامۆژگارییەکانی مامۆستا عەبدلواحید نوری کردووە کە بۆ ماوەی سێ ساڵ (١٩٣٩، ١٩٤٠، ١٩٤١) بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان بووە لە (چوارتا). لەپاڵ خوێندنەکەشیدا زۆر یارمەتی باوکی داوە لە کاروباری دوکان و وردە فرمانی تردا.

پاش تەواوکردنی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی باوکی ناردوویەتی بۆ شاری (سلێمانی) کە بخوێنێ و هەر لە تەمەنی منداڵییەوە حەزی لە نوسینی شیعر کردووەو خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی جوان و ناوازەیە بۆ منداڵان کە زۆربەیانی لەچاپخانەکەی خۆیدا بەچاپی گەیاندوون. کە ئەمانەن:

١- چرۆ (شیعر بۆ منداڵان)/ ١٩٦٥.

٢- شێری ساختە (چیرۆکەشیعر بۆ منداڵان)/ ١٩٦٨.

٣- جگەرگۆشەکان(شیعر بۆ منداڵان)، دووجار چاپکراوە، ساڵی ١٩٧٨ و ١٩٨٠.

٤- چۆلەکە پاساری(شیعر بۆ منداڵان)/ ١٩٨٣.

٥- ئۆپەرێتی ماڵ و قوتابخانە (ئۆپەرێتێکی شیعریە)/ ١٩٨٤.

٦- سروود بۆ قوتابیان (سروودی شاعیرانەو کۆی کردوونەتەوە)/ ١٩٦٨.

٧- چۆلەکە بچکۆلەکە (چیرۆکی وەرگێڕدراو بەشیعر)/ ١٩٨١.

دواتر هەموو ئەم بەرهەمانە لەکتێبێکدا کۆکراوەتەوە بەناوی (پەپوولەکان) و لەلایەن ڕووناک خانی کچی شاعیرەوە ساڵی ٢٠٠٩ چاپ کراوە.

کاکەی فەللاح لە ڕۆژی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان نێژراوە.




# پردی باناڵێ

سەرهەنگ عەبدولڕەحمان


پردی باناڵێ دەکەوێتە سەر چەمی باناڵێ لە ناوچەی شارباژێڕ لەنزیک گوندی باناڵێ، کە (١٤)کم لە قەزای (ماوەت)و (٤٥)کم لە پارێزگای سلێمانییەوە دوورە.

ئەم پردە لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٢ دروستکراوە، تەنیا بۆ پەڕینەوەی پیادەو سەڵتە زەلامی گوندی باناڵێ کراوە، بەڵام لە ئێستادا کە پردێکی تازە لە نزیک ئەم پردەوە دروستکراوە، ئەم پردە بەکارنایەت و تەنیا وەک شوێنەوارێکی دێرین و جوان هێڵراوەتەوەو لە کۆنیشدا بۆ پەڕینەوەی ئۆتۆمۆبێل نەکراوە. پردەکە، پردێکی هەڵواسراوەو یەکێکە لە پردە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی کوردستان. ساڵانە خەڵکێکی زۆر بە تاک و بە گروپی گەشتیاری سەردانی ئەم شوێنە دەکەن و وێنەی لەسەر دەگرن. بەهۆی جوانی و سەرنجڕاکێشییەوە لە کوردستان دەگمەنەو دڵڕفێنی سروشتەکەی دەوروبەریشی هێندەی تر سەرنجی خەڵک و گەشتیار بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت.





# تەق تەق، مشکە



لە فارسییەوە: ئازاد تەها

مشکە بچووکەکە لە لانەکەیدا بوو. دایکی مشکە بچووک لە دەرگایدا: تەق تەق تەق.

مشکە بچووکەکە پرسی: کێیە لە دەرگا دەدا؟ دایکە مشک وەڵامی نەدایەوە. جارێکی تر لە دەرگای دایەوە: تەق تەق تەق.

مشکە بچووکەکە چووە پشت دەرگاکە و پرسی: کێیە لە دەرگا دەدا؟

دایکە مشک وەڵامی دایەوە: "من میاو میاوم."

دەبوایە مشکە بچووکەکە بترسێت، بەڵام نەترسا. دڵخۆش بوو و وتی: تۆ میاو میاو نیت، تۆ دایکی منیت.

پاشان دەرگاکەی کردەوە و خۆی هەڵدایە باوەشی دایکی.

دایکە مشک پرسی: چۆن زانیت من میاو میاو نیم؟

مشکە بچووکەکە پێکەنی و وتی دەنگی میاو میاو میهرەبان نییە، تێدەگەی؟

دایکە مشک وتی: بەڵێ تێدەگەم. ئێستا کوا ڕوومەتت؟

مشکە بچوکەکە دەستبەجێ دەموچاوی بردە پێشەوە.


دایکە مشک پرسی: ئێستا چیت دەوێت؟

مشکە بچووکەکە چاوەکانی داخست و وتی ماچێک.



# مریشکە برسییەکە

لە سویدییەوە: داناز عەبدولڕەحمان.




جارێکیان مریشکێکی چکۆلە، کە زۆری برسی بوو، دەستیکرد بە خواردن و دانەوێڵە خواردن و گەورە بوو، گەورە بوو، هەتا زیاتری بخواردایە زیاتر گەورە دەبوو.

ڕێوییەکیش لەسەر گردێکی نزیک کولانەی مریشکەکە دەژیاو هەموو بەیانییەک سەیری کێڵگەکەی دەکرد، تا بزانێ چ کاتێ مریشکەکە لە کولانەکەی دێتە دەرەوەو چی دەکات. ڕۆژێکیان تەماشایکرد مریشکەکە لە کولانەکەی هاتۆتە دەرەوە. سەیریکرد ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبێت.

بەڵام هەموو بەیانییەک کاتێ کە ڕێوی بە ئەسپایی دەچوو بەرەو کێڵگەکە ڕادەوەستاو بیریدەکردەوە: ئەگەر من ڕۆژێکی تر چاوەڕێ بکەم، مریشکەکە گەورەترو گەورەتر دەبێت.

ئەو چاوەڕێی کردو چاوەڕێی کردو چاوەڕێی کرد. مریشکەکەش گەورەترو گەورەترو گەورەتر دەبوو.



ڕێویش ڕۆژ بەڕۆژ برسی ترو برسی ترو لاوازترو لاوازتر دەبوو.

بەڵام دوای ئەوە، ڕۆژێکیان لەکاتێکدا ڕێوی لە کێڵگەکە تەنها شتێک کە ئەو بەدیکرد سەری زەبەلاحی مریشکەکە بوو کە لە دەرگای کولانەکەوە هێنابوویە دەرەوە.

لە ئێستادا ڕێوی چیتر ناتوانێت ئارام بگرێت. ئینجا دەستیکرد بە ڕاکردن. ڕایکردو ڕایکرد. هەتا کولانەی مریشکەکەو لە پەنجەرەکەوە



خۆی هەڵدایە ناوەوە.


ڕێوی سەیری مریشکەکەی کرد.


مریشکەکەش سەیری ڕێوییەکەی کرد.

ڕێوی زمانی لستەوە.

ڕێک لەوکاتەی کە ڕێوییەکە ویستی پەلاماری مریشکەکە بدات.

مریشکەکە دانەوییەوەو ڕێوییەکەی قوتدا.







# چاڵی گەشتیار

نووسینی: ئامنە سادقی
وەرگێڕانی: توانا نەوشیروان

چاڵێک هەبوو، هەمیشە لە گەشت و گەڕاندابوو. لێرە و لەوێ خۆراکی بۆخۆی کۆدەکردەوە و کاتێک میوانێکی دەهات بەو خواردنانە میوانداری لێدەکردن.
میوانەکانی بەزۆری ئەمانەبوون: مشک، مارمێلکە، مراوی و کەرۆشک. شەوانە چیرۆکی بۆ میوانەکەی دەگێڕایەوە، کە ڕۆژێش دەبوەوە میوانەکەی چاڵەکەی بەجێدەهێشت و دەڕۆیشت.
شەوێکیان خاتوو مراویی بوو بە میوانی چاڵەکە، بەیەکەوە دەستیانکرد بە گفتوگۆ و تێر پێکەنین. بەیانی کاتێک چاڵەکە لەخەو هەستا، خاتوو مراوی بینی هێشتا نەڕۆیشتبوو.
وتی: تۆ هێشتا نەڕۆیشتوویت!
مراویەکە کەمێک خۆی جوڵاندەوە و وتی: بەچکەکانم هێشتا لەدایکنەبوون!
چاڵەکە وتی: هێلکەت کردووە؟
تۆ نازانیت من چاڵێکی گەشتیارم!
خاتوو مراوی وتی: شوێنێکی لێرە باشترم نەدۆزییەوە، تۆ زۆر میهرەبانیت و چیرۆکیش خوانیشیت. من پێویستە چەند ڕۆژێک لێرە بمێنمەوە و لەسەر هێلکەکانم بنیشم.
چاڵەکە لێی پرسی: چەندڕۆژ؟
مراوییەکە وتی: ٢٨ ڕۆژ.
چاڵەکە هاواری کرد: وای ٢٨ڕۆژ؟
خاتوو مراویی سەریداخست و هیچ قسەیەکی نەکرد.



چاڵەکە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و وتی: باشە، ڕازیم.
خاتوو مراویی خۆشحاڵبوو، دای لە قاقای پێکەنین و بەدەنوکی هێلکەکانی ئەم دیو دیوکرد.
چاڵەکە ڕۆژانە چیرۆکی بۆ مراوییەکە دەگێڕایەوە.
لەکۆتایدا هێلکەکان تروکان و بەچکەکان هاتنەدەرەوە.
چاڵەکەیش خۆی ئامادەکرد بۆ ڕۆیشتن.
خۆی جوڵاندەوە و ئەو گەنمەی، کە کۆیکردبوەوە بۆ بەچکە مراوییەکانی ڕۆکردو ڕۆیشت.

# پەرتووک

ئاکۆ محەمەد سابیر - سوید

پەرتووک ڕوناکی ژینم
سازگارترین سەر چاوەیت
وانەی باشم فێردەکەیت
ئاژەڵدۆست، ژینەگە دۆستی
خەیاڵم دەڕازێنیت
بە چیرۆکی پڕ لە چێژ
لەماڵدا کتێبخانە
ئاوەدانی و شادیە

هیواو هاوڕێی گەشبینم
ئەی کانیلەی شیرینم
زمانم پاراو دەکەیت
تێڕوانینم جوان دەکەیت
ئاسودەییم بۆ دێنیت
شەوانە دەمخەوێنت
هەنگوینە لەنێو شانە
چراو ڕۆشنایمانە





# با ماسی دروست بکەین

سەرەتا تۆپەڵێک قوڕی دەستکردی گەورە و سێ تۆپەڵی قوڕی بچووک دروست دەکەین

بە نەرمی پەنجە دەخەینە سەر تۆپەڵە گەورەکە تا تۆزێک پانی بکەینەوە. ئەمە جەستەی ماسییەکەمانە.

چەتاڵ دەهێنین بەسەر تۆپەڵە بچووکەکان بۆ ئامادەکردنی باڵەکانی ماسییەکە.

بەتۆزێک ئاو و باڵی و کلکی دەنێین بە چەسپە گەورەکەوە.

دوو تۆپەڵی بچووکی تر دروست دەکەین و بەتۆزێک ئاو دەینێین بە شوێنی دەمی ماسییەکەوە.

دوای وشکبوونەوەی ماسییەکە بە چەسپ دەینێین بە پارچە مقەبایەکەوەو دەریاکە ڕەنگ دەکەین.













# بەهرەکانمان

چرۆ ڕەشید

چەند خۆشە ئێمەی منداڵ
ئاسودەو دڵ پڕ هیواین
دەی با بیدۆزینەوە
لەکاتی وێنەکێشان
بە ئاوازو مۆسیقا
کاری جوان و بەسەرهات
شانۆو کاری نواندن
ئەمانە گشتیان بەهرەن
دڵنیام بە هەوڵدان

لە باخچە بێ یان لەماڵ
خاوەنی بەهرەو توانین
خۆمان تاقیبکەینەوە
تێکەڵ دەکەین ڕەنگەکان
جوڵەو گۆرانی و سەما
هەموومان دڵخۆش دەکات
یا وەرزش و ڕاکردن
لەهەر هەموواندا هەن
دەگەین بە خەونەکانمان



# پەلکە زێڕینە

نەوزاد محەمەد ئالانی

ئای کە خۆشە بەهاران
زوو زوو دەباڕێ باران
سەوز دەبێ دەشت و دەر
بەرگی نوێ دەکاتە بەر
پەلکەزێڕینەی خاڵ خاڵ
دەردەکەوێت لەقەد پاڵ
ڕەنگی چەماوەی جوانی
تێکەڵ بوون بە ئاسانی
کەسک و سورو شین و زەرد
بەسەر شاخ و دارو بەرد
لەدوای بارانی بەتاو
کە دەردەکەێت هەتاو
خۆزگە هەردەم بەهار بێ
تا پرچە حۆری دیار بێ

یاری

# باخی باپیرە

باپیرە سێ شەتڵ نەمامی چاندووە. تۆ یارمەتی منداڵەکان بدەو ناویان بنووسنە.



.....  .....  .....

ناوی خواردنەکان تێکەڵاو بووە. ڕێکیان بخەو ناویان بەڕاستی بنوسە.




داپیرە لە خوریيەک بەنی دروستکردووە؟ ئەوەیان ڕەنگ بکە.




چەند جوجک و مراوی و
کەرۆشک لەم وێنەیەدا هەیە؟
جوجک - مراوی -
کەرۆشک
دایکە خەریکی
نانکردنە.
ڕێزبەندی ئامادەکردنی
نانەکە بە ژمارە بنوسە.



# مزراحێن

ئا: ئەنوەر شارباژێڕی - وێنە: سەربەست عبدالرحمن


مزراحێن یارییەکی منداڵانەی کوردەواریە، تایبەتە بە کوڕان، بەزۆریی منداڵان هەندێک جار گەورەکانیش لە کاتی یارییدا بە شیپ مزراحەکانیان دەخولێننەوە، بۆ منداڵێک بەکاردێت کە هەڕەشەی شەڕ لە منداڵێکی تر بکات و پێی بڵێت: هێندەت لێدەدەم وەک مزراح بخولێیتەوە.

مزراح بە قەدەر (هەرمێ)یەک دەبێت و شێوەکەشی وەک هەرمێ قوچەکییە..بەرزییەکەی نزیکەی (٧) سانتیمەترو تیرەکەشی (٥) سانتیمەترە. یەکێک لەو یاریانەی لە هەشتاکانی سەدەی بیستدا لەناو گەڕەکە میلییەکانی شاردا باو بوو، مزراحێن بوو، دوو جۆری هەبوو، جۆرێکیان لە دار سازدەکرا، دارتاشەکان دروستیان دەکرد، جۆرەکەی تریان کارگە لە مادەدەی نایلۆن دروستی دەکرد، مزراح شێوەیەکی قووچەکی هەبوو، سەرێکی پان و سەرەکەی تری باریک دەبووەوە، نوکێکی ئاسنی پێوەبوو، پێی دەوترا: (تەمتەمە). هەروەها تاڵە بەنێکی لێدەپێچرا و پێی دەخولێنرایەوە پێی دەوترا: (شیپ).

مزراح بۆ ئەوەی لە کاتی خولانەوەدا دەنگێکی سەرنجڕاکێش دەرکات، منداڵەکان قەراغی بەشی سەرەوەی مزراحەکانیان کون دەکرد، پێیان دەوت: (قۆڕقۆرە)، هەروەها ڕۆنی قرچاویان تێدەکرد، لە کاتی خولانەوەدا قۆڕەی دەهات.

مزراحێن وەک هەموو یارییەک لەناو منداڵاندا یاسا و ڕێسای خۆی هەبوو، منداڵان بەم شێوەیە یارییان دەکرد:

مزراحێکیان لەناو ڕاستدا دادەنا، پێیان دەوت: (کۆلکە)، سێ چوار منداڵیش بۆ خۆنواندن مزراحیان بەسەردا دادەکوتی و دەیان خولانەوە، جۆرێک داکوتین هەبوو پێیان دەوت: چەپوخانی، شێوازی گرتنی مزراحەکە و خولانەوەی هونەرێکی جوانی تێدابوو، هەموو منداڵێک نەی دەزانی.



# خاڵخاڵۆکە

عوسمان تۆفیق عەزیز

خاڵخاڵۆکە ماڵی خاڵم لە کوێیە
دیارییەکی باشم پێیە

بۆ تۆ بۆ ئەو و بۆ من
چاکە هەرگیز نابێ ون

ڕێک و پێک و تەبا بین
بۆ یەکتر وەک برا بین

ژیان بکەین بە بەهەشت
بە سەیران و خۆشی و گەشت

وەک شەمامە نەخشین بین
دوژمنی ڕق و کین بین

